# فیدرالیزمی قەومی، پرۆژەیەك بۆ یاساییکردنی جەنگی ناوخۆ

**عبدالله مەحموود**
abdulla.mahmud@gmail.com

ئەنجومەنی پیرانی ئەمریکا پرۆژەی دابەشکردنی عێراقی بۆ سێ هەرێمی" ناوەڕاست و خوارو وەباکوری عیراق" لەسەر بنەمای فیدرالیزمی دینی و قەومی پێشنیار کرد و کۆنگریسی ئەمریکییش بە زوربەی دەنگ پەسەندی کرد. بەدوای ئەوەشدا هەریەك لە تەوژمە سیاسیەکانی وەکو ناسیونالیزمی عەرەب، ناسیونالیزمی کورد، ئیسلامی سیاسی، تادەگاتە کۆمکاری عەرەبی و وولاتانی ناوچەکە لەوبارەیەوە هەڵویست و بۆچون و کاردانەوەی خۆیان لەبارەی ئەم پرۆژەیەوە خستە ڕوو.

لیکدانەوەی هەمەلایەنەی ئەم بڕیارەو چونە ناو لایەنەجۆراوجۆرەکانی، لێکدانەوەی هەڵوێست و بۆچونی ڕەوت و تەوژمە سیاسییەکانی ناوخۆی عێراق و وولاتانی ناوچەکە، پێویستی بە باسێکی دورودرێژو لێکدانەوەیەکی فرەڕەهەند هەیە، من لە ووتارەدا خۆم نادەم لەوباسە، تەنها بەلێکدانەوەی ئەوەی کە ڕیشەی ئەم بریارە لەکوێدایە؟ لەکوێوە بۆ ئەنجومەنی پیران و کۆنگرێس گرنگی پەیداکردووە؟ وپرۆژەیەکی لەم بابەتە عێراق و ناوچەکە ڕووبەڕووی چی دەکاتەوە؟ هەڵوێستی حکومەتی هەرێمی کوردستان و هێزە سیاسیەکانی دەلالەت لە چ واقعیەتێك دەکات؟ ئەو چەند لایەنەن کە من بەکورتی هەڵوێستەیان لەسەر دەکەم.

هیچ لەوە بەرچاو ترو ڕۆشنتر نییە، کە ئەمریکا لە عێراقدا دەرگیری هەلومەرجێکی نەخوازراوە، ناکامی سیاسیەتەکانی لە عیراقدا لە پانتایەکی بەرینی جیهانیدا چ لەئاستی ڕەسمی وولاتەکانی دنیاو چ لەسەر ئاستی جەماوەری و شەقامدا قورسایی خستۆتە سەر دەوڵەتی ئەمریکاو ڕوبەڕووی ناڕەزایەتییەکی گەورەی کردۆتەوە، لەوەش واوەتر شکستی ئەمریکا لە عێراقدا و لەسەر دەستی ئیسلامی سیاسی و ڕەوتە کۆنەپەرستەکانی تر، بۆتە هۆی ناکامی لەهەرچی زیاتری سیاسەتەکانی لەتەواوی ناوچەکەو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. دۆسیەی بنەبڕکردنی تیرۆرو شەڕی دژە تیرۆر کە بەدوای 11 سێبتەمبەردا کرایە دۆسیەی تەواوکردنی نەزمی بەناو نوێی دنیا، پێچەوانەکەی لەهەموو گۆشەو کەنارەکانی دنیادا کەوتە ڕوو. ئیسلامی سیاسی و تیرۆریزمەکەی بەپانتایی ناوچەکە بڵاوبونەتەوە، ڕەوت ولایەنە ئیسلامیەکان و بنلادنیەکان ئەگەر بەدوای لەدەسەڵاتکێشانە خوارەوەی تالیبان لە ئەفغانستان، توشی شکست هاتن و لاوازکران، ئێستا لەئاکامی جەنگ و شکستی جەنگخوازی ئەمریکا لەعێراقدا نەك هەر سەریان بڵندکردۆتەوە، بەڵکە عێراقیان کردۆتە ناوەندو مەڵبەندی پێگەیاندنی تۆڕە تیرۆرستیەکان. لە ئەفغانستانیش هێز بەبەر تالیبان و قاعیدە گەڕاوەتەوە، لەناو ئەم دۆخەدا کۆماری ئیسلامی ئێران، وەکو دەوڵەت و ناوەندی دابەشکردنی ئیمکاناتی مادی و لۆجیستیکی و تەنانەت مرۆیی بەم ڕەوت و تەوژمە ئیسلامیانە لە ناوچەکەو دنیادا، بۆتە واقعیەتێکی بەرچاو، تەنانەت سەرکەوتنی لە ناوچەکەو عێراقدا قابیلی ئینکاریکردن نییە. کە دنیا بەخوێندان و نائارامیەکی کەم وێنەوە باجەکەی ئەدەن.

عێراق لەگەڵ ئەوەدا کە نوقمی شەڕو کوشتاری تایفی و قەومی و بەیەکدادانی میلیشیاکانیانە، نوقمی میلتاریزمی ئەمریکاو سوپای عێراقی تازە!! یە، نوقمی نائەمنی و کوشتاری ڕۆژانەیە، نوقمی تەقینەوەو وێرانکارییە، هاوکات مەیدانی جەنگی ڕوولە سەرکەوتنی کۆماری ئیسلامی ئێرانە لە عیراق و تەنانەت ناوچەکەش.

ئێستا هیچ ئاماژەیەك بۆ باشبوونی وەزعی عێراق نابینرێ، و لەوەش زیاتر هیچ ئاماژەیەك بۆ پاشەکشەی ئابڕومەندانەی ئەمریکا لەو گێژاوەی تێیکەوتووە بەدی ناکرێت. ڕەوتێکی ڕوولە لێژی کە ئەمریکا لەجغرافیای عێراقدا بەشکست خواردنی توشی هاتووە، بەوێنەی شکستی ئەو لە ناوچەکەو لەوەش واوەتر لە بەرامبەر رەقیبە زەبەلاحەکانیدا لەدنیادا بەرەو جگێر بوون دەچێت.

بانگەشەی ئەمریکا بەم جۆرە بوو. بڕیار بوو ئەمریکا شەڕی دژە تیرۆر بکات و تیرۆر ڕیشەکیش بکات و دەستی ئیسلامی سیاسی ببڕێ و کورتی بکاتەوە، بڕیار بوو سەدام حسێن و ڕژێمەکەی کە دەستیان لەگەڵ ئوسامەو قاعیدە تێکەڵ کردبوو بە وەلانانیان و خستنیان عێراقی خاڵی لە ڕابەتە لەگەڵ ئوسامەو ئیسلامی سیاسی دابمەزرێنیت و خەڵکی عێراق لەدەست سەرەڕۆیی دیکتاتۆر و سەرکوت و بێماڧ ڕزگار بکات، قەرار بوو عێراق و ناوچەکە لە چەکی قەدەغەکراو دابماڵێت، قەرار بوو هەڕەشەی عێراق بۆ هەمیشە لەسەر وولاتانی دراوسێ کۆتایی پێبێت، و قەرار بوو عێراقێکی دیموکراتی بکرێتە دەروازەی جێگیرکردنی پرۆژەی ڕۆژهەڵاتی گەورە.... بڕیار بوو. ئەمانە نەك بوونە درۆیەکی مێژوویی و گاڵتەجاریەکی هاوچەرخ، بەڵکە خودی ئەمریکا بۆتە فیلمێکی شکست خواردوی واقیعی مێژووی هاوچەرخ.

دەرچوون لەم شکستە ڕێگای پێویستە، پرۆژەی پێویستە، میکانیزم و نەخشەی پێویستە، پرۆژەی دابەشکردنی عێراق خێرو بەرەکەتێکی ترە

بۆ ئەم مەبەستە، بەڵام خێروبەرەکەتی سەرکەوتن نییە، خێرو بەرەکەتی هێزی شکست و شکستخوازییە. دەبێ شکست خواردوەکان چ پرۆژیەك بکەنە دیاری بۆ ڕزگاری خەڵکی ترو دنیا؟

پرۆژەیەك کە ئەنجومەنی پیرانی ئەمریکا پەسەندی کردووە، پرۆژەی هێزێکی شکست خواردووە وەکو ڕێگایەك بۆ ڕازیکردنی ڕەوت و هێزو تەوژمە سیاسیەکانی شیعەو سونەو کوردو عەرەب، تا لەو ڕیگایەوە بەملدانی ئەم لایەنانە بەم پێشنیارە خۆیان پاشەکشەیەکی ئابرومەندانەتر زامن بکەن شکستەکەیان کەمتر بکەنەوە و پرۆسەی ئاساییکردنەوەی وەزعی عێراق بسپێرن بەو هێزانەی کە لەم پرۆژەیەدا خێرەومەند ئەبن.ئەنجومەنی پیران و کۆنگریسی ئەمریکی دەیانەوێ دابەشکردنی عێراق لەسەر بنەمای فیدرالیزمی تایفی و قەومی ومەزهەبی، بکەنە پردێك بۆ کۆتاییهێنان بە شەڕی تایفی و قەومی ئێستای عیراق.

بەڵام هیچ لەوەڕۆشنتر نییە، کە ئەم پرۆژیە شەڕی ئێستای میلیشیاکانی ئەم هێزو بزوتنەوە کۆنەپەرستانە، لە لایەکەوە ڕەسمی و قانوونی دەکات و لەلایەکی تریشەوە پانتایەکی بەرینترو فراونتر دەبەخشێتە جەنگی تایفی و قەومی و زەمینەش بۆ میلیشیایی پێکهاتە تایفی و قەومیەکانی تری وەکو تورکمانەکان و ئاشوریەکان و مەسیحیەکان و کلدان و.........سازئەکات کە لەشەڕی ڕەسمی قانونیدا، دوانەکەون و بەشداری بکەن.

هەر ئێستا شەڕی تەسفیەی تایفی هەیە، بەڵام سنوری جغرافی ئەم تەسفیەیە دیاری نەکراوە، شەڕی قەومی هەیە بەڵام ڕووبەری ئەوشەرەی بۆی دەستی پێکردووە دیار نییە، مرەمڕی میلیشا تورکمانەکان و لە پێشیانەوە بەرەی تورکمانی بۆبەشی خۆیان وەکو ئەڵێن ئەبێ عێراق لە سێ بەشەوە بکرێتە چوار بەشی فیدرالی، واقعی یەو لەفەزای ئاواشدا بێگومان مەسیحیەکان و یەزیدیەکان و موسوڵمانەکان،ئاشوریەکان، دەست پاچە دانانیشن ودەیانەوێ پانتایی جغرافی خۆیان لەسەر بنەمای تایفی و قەومی و تەنانەت هۆزی خۆشیان لەم تەقسیمە ڕەسمی و قانونیەدا بزانن، لانی کەم بۆئەوەی بمێننەوەو لەشەڕی قەومی وتایفی عێراقدا ووردوخاش نەبن. ئەمەش شەڕی ئەوێ، خوێنی ئەوێ، پشتیوانی وولاتانی ناوچەکەی ئەوێ، .... ئەمەش یانی ڕەسمیکردنەوەی شەڕی قەومی و تایفی لەسەراسەری عیراقدا، یانی دانانی نەخشەی شەڕێکی مەرحەلەیی بۆ تەسفیەی نیهایی. ئەمەش یان کوشتاری ملیۆنی و داروخاندنی مەمەلەکەتێك، ئەمەیە پرۆژەی ئەمریکی بۆ بەدیموکراسیکردنی عێراق!!.

ئێستا بۆ ئەوەی ئاکامی خویناوی جێبەجێ بوونی پرۆژیەکی وا بزانین، باپپرسین تەنها بۆ یەکلاییکردنەوەی سنوری شیعەکان لەگەڵ سونەکان و کوردەکان لەگەڵ عەرەبەکان، دەبێ چەند ساڵ شەڕی ناوخۆیی پێویست بێت؟ و قوربانیانی چەند بن؟ دەبێ چەند وولات و دەوڵەت ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ بەشداری تیا بکەن؟ دەبێ دوای ئەوەی بەخوێن سنورەکان لێکجیاکرانەوە، ئەو خەڵکەی لەو دیوو سنورەکانی خۆیانەوە دانیشتون ئەبێ چۆن بڕوانە ئەودیو سنوری خۆیان و دانیشتوانەکەی کە بەخوێن ولێکجیاکراونەتەوەو هێز بڕاندویەتەوە؟ یان لەشارەکانی وەکو بەغداو بەعقوبەو کەرکوك و بەسرە... هەموو ئەوشوێنانەی پێکهاتەی تایفی و قەومی بەیەکەوە تیایدا ئەژین، ئەبێ ئەم پێکهاتانە چۆن لەیەك جیابکرێنەوە؟ ئەبێ ئەو خێزانانەی لە پرۆسەیەکی دورودرێژی بەیەکەوە ژیاندا تێکەڵی یەکبوون و ژن وژنخوازی بە ڕیشەیاندا شوڕبۆتەوە چۆن لێك جیابکرێنەوە.؟ چ موسیبەتێك بۆ ڕزگاری خەڵکی عێراق لە بۆسەدایە؟ڕێگە گرتن لەم موسیبەتە ئازادیخوازی و ئینسانیەتی پێویستە، ویژدانی زیندوی ئینسانی لەکوێن؟

ناسیونالیزمی عەرەب بەگشتی بەوانەشەوە کەبەرگی ئیسلامی سونەییان لەبەرکردووە تا دەگات بە کۆمکاری عەرەبی دژی ئەم پرۆژیەن، بەڵام نەك لەبەرئەوەی کۆنەپەرستانەیە، نەك لەبەرئەوەی ناسنامەی هاوڵاتی بوون کراوەتە قوربانی، نەك لەبەر ئەوەی چارەنووسی خەڵکی عێراق و ناوچەکە ڕووبەڕووی جەنگی خوێناوی و ناوخۆیی دەکاتەوە، نا بەڵکە بەوهۆیەوە عەزمەت تەڵەبی عەرەبی و پان عەرەبیزم، بانگەشەکەی سەراسەری یە، بەقەولی خۆیان ئەوەی لەعێراقدا بژیت کە عێراقیش بەشێکە لە نیشتمانی عەرەبی ئەبێت سیادەی نیشتمانی عەرەبی قبوڵ بکات و دابەش بوونی عێراق نەك لەسەر بنەمای فدرالی قەومی وتایفی، تەنانەت باسی فدرالیزمی ئیداری و جیابونەوەی ئارەزومەندانەش لە ڕێگای ڕاپرسیەوە بە شکانی شکۆی نیشتمانی عەرەب و پان عەرەبیزم ئەزانن، کە دەمێکە شکستی خواردووە.

ڕەوت و لایەنەئیسلامیەکانی سەر بەئێران و بزوتنەوەی ناسیونالستی کوردیش بە حزب و ڕێکخراوە سیاسیەکانیانەوە تادەگات بەولایەن و کەسانەی توڕەن لە ناسیونالیزمی ڕێکخراو، لە ئەدای حکومەت و پەرلەمان ناڕەزایەتیان هەیە، بەگشتی کەوتونەتە پێشوازی لەپرۆژەکەی ئەنجومەنی پیران و کۆنگریسی ئەمریکی.

پێشوازی ڕەوتە ئیسلامییەکانی سەربەئێران، لەو مەنتیقەوەیە کە خۆیان و ئێرانی هاوکاریان لە عیراقدا لە پێگەیەکی باڵای دەسەڵات و

لەهەرێمێکی پر سەروەتدا، دەبینەوە. دەیانەوێت ئەم بەشە لە دەسەلآتیان لەو ناوچە پر سامانە، ڕەسمی بکرێتەوە و شانسی یاسایی بوونەوەی ئەم دەسەلآتەیان پێببڕێت.

حزبە دەسەلآتبەدەستەکانی کوردستان و سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستانیش، نەك هەر پێشوازیان لەم پرۆژەیە کردووە، بەڵکە پشتیوانەی قانونی و دەستورییان بۆ بەرگری لێکردنی بەدەستەوە گرتووەو نیگەرانن لەوانەی پرۆژەکە ڕەت دەکەنەوە یان بەدروست و ڕیگاچارەی نازانن بۆ وەزعی عێراق.

پێشوازی لەم تەرحەو هەر تەرحێکی تریش لەلایەن بزوتنەوەی ناسیونالیستی کوردەوە چاوەروانکراوە، ئەمان تا ئۆپۆزیسۆنی ڕژیمی بەعس بوون و بۆ جێپی قایمکردن و گەورەبوونی خۆیان تەنانەت مانەوەیان، قلشت و کێبەرکێ ی نێوان وولآتەکانی ناوچەکە ئەم ڕێگایە بوو کە ئومێدیان پێی بەستبوو، سەرباری تاقیکردنەوەی 1975 و1988 کە بووە مایەی ی شکستیان و شکانەوەی ئاکامە زیانبارو کوێرەوەریەکانی ئەم سیاسەتە بەسەر خەلکی ستەم دیدەی کوردستاندا، کەچی ئێستا کە قلشتی دەوڵەتەکان و کێبەرکێکی نێوانیان قالبێکی تر بەخۆوە گرتووەو ئەمانیش لە چوارچێوەی پاراستنی بەشە دەسەلآتیاندا لەمەرکەز مامەڵەی ڕووداوەکان دەکەن، ئەمجارە بەکەڵك وەرگرتن لە نائارامی وەزعی ناوەڕاست و خواروی عیراق و شەڕی تایفی و پاکسازی مەزهەبیدا، دەیانەوێت زامنی درێژەدان بەبەشە دەسەلآتیان لەمەرکەز بکەن، بۆیەش ڕاشکاوانە پێشوازی لەم پرۆژەیە دەکەن تا بەرگی یاسایی و ڕەسمی بکەن بە دەسەلآتیاندا لە کوردستاندا.

بەڕاستی پێشوازی یەکێتی و پارتی وحکومەتی هەرێم و تەواوی بزوتنەوەی ناسیونالیستی کورد لەم پرۆژەیە نەك هەر ناحەقییەکی بێئەندازە گەورەیە بەرامبەر بەملیۆنان ئینسانی عێراقی، بەڵکە ناحەقییەکی گەورەشە بەرامبەر بە ئایندەو چارەنووسی خەڵکی کوردستان. ئاخر پچرینی یاسایی بەشە دەسەلآت و زامنکردنی بە قیمەتی پشتیوانی و پێشوازی لە پرۆژەیەك کە زەمینەی وەڕێخستنی کوشتاری تایفی و قەومی و مەزهەبی و پاکسازی پێکهاتەکان، یاسایی و ڕەسمی دەکات، چ ڕوانین و سیاسەتێکی ناتەندروست و نامرۆیی یە؟ تێوەگلاندنی کورستانی 16 سالٚ دابراو لە پرۆژە یاسایەکی جەنگخوازانەو خوێناوی ڕەسمی و پشتیوانی لێکردنی چ خێرێکی بۆ خەڵکی کوردستان هەیە؟ ئاخر ئەگەر کێشەی خەڵکی کوردستان کێشەیەکی مێژووی و ناوچەیی یە، ئەگەر دابرانێکی بەکردەوەی سیاسی و جغرافی و کۆمەلآیەتی و تەنانەت کەلتوری لەنێوان کوردستان و بەشی ناوەڕاست و خوارو عیراق لە پرۆسەیەکی سیاسی و مێژوویدا پێکهاتبێت، کە پێکهاتووەو ئەمەش حەق ئەدات بەخەڵکی کوردستان تا بزواتی واقعی بۆ سەربەخۆیی کوردستان بێنێتە سەر شەقام و دوای جیاکردنەوەی کوردستان لەعێراق و پێکهێنانی وولآتێکی سەربەخۆ بکات، نەك " فدرالیزم" کە ناوەرۆکەکەی لە ئۆتۆنۆمی واوەتر ناچێت.

تێکەڵکردنی واقعیەتی سیاسی کوردستان لەهەمووبارێکەوەو شوبهاندنی بەوەزعی ناوەڕاست و خواروی عێراق، هەڵەیەکی کوشندەیە. لەوەش واوەتر پشتیوانیکردن لە پرۆژەی تەرحی فیدرالی شێوە جغرافیەکەی بۆ عیراق نەك هەر ڕێگایەك نییە بۆ کۆتایهێنان بەو فوارە خوێنەی لە ئاکامی جەنگ و داگیرکاری و بەیەکدادانی تیرۆریسیتی و پاکسازی مەزهەبیدا و بەربووە، بەڵکە ڕێگایەکە بۆ یاساییکردنەوەی جەنگی تایفی و قەومی لەسەراسەری عیراقدا.

بە کورتیەکەی واقعیەتی سیاسی و کۆمەلآیەتی و ئابوری و کەلتوری و...کوردستان زەمینەی واقعی و مادیین بۆ جێبەجێکردنی پرۆژەی پیکهینانی وولآتێکی سەربەخۆ لە ڕێگای جیاکردنەوەی کوردستان و پێکهێنانی وولآتێکی عەلمانی و سکولار، نەك فیدرالیزم کە کوردستان و شادەمارەکانی بە عێراقی قەومی عەربی و مەرکەزەوە دەبەستێتەوەو لەوەش زیاتر هەمیشە ئەگەری بەیەکدادان و تێکهەڵچوونی خوێناوی بەسەر سەری خەڵکی کوردستانەوە ڕادەگرێت.

خەڵکی کوردستان و بەرەی پێشکەوتخوازو ئازادیخوازەکەی نەك نابێت بچنە پشت پرۆژیەکی لەم بابەتە بۆ دابەشکردنی عێراق بۆ سیٚ هەرێم لەسەربنەمای فیدرالیزمی قەومی و تایفی ... کەهەموو عێراق دەخاتە بەردەم جەنگێکی سەراپاگیرەوە بە کوردستانیشەوە، بەڵکە لەجێگای ئەوە ڕەتکردنەوەی ئەم پرۆژیەو کۆبونەوە لەدەوری دروشمی جیابونەوەی کوردستان و پێکهێنانی وولآتێکی سەربەخۆو سکولارو شارستانی، ئەرکی بەرەی ڕادیکالٚ و ئازادیخوازی کوردستانە.

بۆپێشرەویش لەم ڕاستایەدا هێزی ئازادیخوازو پێشکەوتنخوازی عێراق و وولآتانی ناوچەکە، هێزی واقعی و مادین بۆ پشت پێبەسن، ئەگەر حزبەکانی کوردستان و دەمارگیرە قەومییەکان، بەنوسەر و شاعیرو مێژوونووس و گۆرانی بێژو و لێکۆڵەرەوەکانیانەوە، ڕژێمەکانی ناوچەکە و زلهێزەکانی دنیا بە پشت وپەناو دۆستی خەڵکی کوردستان نیشان ئەدەن، ئەوا بەرەی زوڵملێکراو ئازادیخوازی کوردستان بەدەست خستنە ناودەستی هاوچارەنووسەکانیان لەم وولآتانە کەبەدەست ڕژێمەکانیانەوە هەراسان و تورەن، دەتوانن بەرەیەکی تر پێکبێهنن و ویژدانی

ئینسانی و ئازادیخوازی دنیای شارستانی بخەنە پشتی خۆیان.

2007-10-8